# قوربانی بوونی ٤٠ هاووڵاتیی لە کوردستان بە هۆی تەقینەوەی مین لە ساڵی ٢٠٢٠ دا + لیستی ناوەکان

هەنگاو: تەقینەوەی مینی چێندراوی سەردەمی شەڕی ٨ ساڵەی ئێران و عێراق و هەروەها ئەو مینانەی کە ئەم دواییانە لەلایەن سپای پاسدارانەوە چێندراوە لە کوردستان بە بەردەوامی خەڵکی مەدەنی دەکاتە قوربانی.

بە پشت بەستن بە ئاماری تۆمار کراو لە ناوەندی ئامار و بەڵگەنامەکانی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی هەنگاو، لە ساڵی ٢٠٢٠ زایینیدا، لانیکەم ٤٠ هاووڵاتی لە سنوورەکانی کوردستان بە هۆی تەقینەوەی مین بوونەتە قوربانی کە بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ٢٠١٩ی زایینی ٣٢.٥٪ بەرزبوونەوەی بە خۆیەوە بینیوە. ساڵی ڕابردوو ٢٧ کەس بە هۆی تەقینەوەی مینەوە قوربانی ببوون.

لە کۆی ئەو ٤٠ کەسە ١٠ کەسیان گیانی لەدەست داوە و ٣٠ دیکە بریندار بوون یان بەشێک لە جەستەیان لەدەست داوە.

تەمەنی یەکێک لەوانەی کە گیانی لە دەست داوە و دوو کەس لەوانەی کە بریندار بوون ژێر ١٨ ساڵ بووە. پەیام ڕوستەمی تەمەن ١٤ ساڵ لە سنووری خوسرەوی سەر بە پارێزگای کرماشان ئەو مێرمنداڵە بوو کە بە هۆی تەقینەوەی مینەوە گیانی لە دەست دا.

## جیاکردنەوەی قوربانیەکان بە پێی پارێزگاکان

لەماوەی ساڵی ڕابردوو زۆرترین قوربانیانی مین لە سنوورەکانی پارێزگاکانی سنەو کرماشان تۆمار کراوە کە هەر کامەیان ١١ حاڵەت بووە.

پارێزگای سنە: ١١ قوربانی کە بریتیە لە ٢ کوژراو ٩ بریندار.

پارێزگای ئیلام : ١٠ قوربانی کە بریتیە لە ٣ کوژراو و ٧ بریندار.

پارێزگای ئورمیە: ٨ قوربانی کە بریتیە لە ٢ کوژراو و ٦ بریندار.

پارێزگای کرماشان: ١١ قوربانی کە بریتیە ٣ کوژراو و ٨ بریندار.

## جیاکردنەوەی قوربانیەکان بە پێی توێژی کۆمەڵایەتی

زۆرترین قوربانیانی مین لە کوردستان لەماوەی ساڵی ٢٠١٨ کرێکاران بوون کە ١٨ کۆڵبەر، شوان و کرێکار  لەو ماوەیەدا بوونەتە قوربانی.

کرێکار: ١٨ حاڵەت (٨ کوژراو و ١٠ بریندار)
سەربازی: ١٨ حاڵەت (١ کوژراو و ١٧ بریندار)
مەدەنی: ٤ حاڵەت (١ کوژراو و ٣ بریندار)

هەرچەند لە یاسا نێودەوڵەتییەکان کەڵک وەرگرتن لە مینی چێندراو بە تەواوەتی قەدەغە نەکراوە، بەڵام هێندێک بەربەستیان بۆ ئەوەی ئاسەوارەکانی بە کەمترین ئاستی خۆی بگات بۆ داناوە. بۆ وێنە لایەنەکانی شەڕ دەبێ نەخشەکانی ئەو کێڵگانەی کە مینیان تێدا چێندراوە ڕابگرن و دوای تەواوبوونی شەڕ ئەو کێڵگانە بە مەبەستی پشتگیری لە هاووڵاتیانی مەدەنی خاوێن بکەنەوە و مینەکان پووچەڵ بکەنەوە.

کۆنوانسیۆنی ئۆتاوا حکوومەتەکانی پێبەند کردووە کە خۆ لە بەرهەم هێنان، کۆکردنەوە و گواستنەوەی مینە دژە کەسییەکان بوێرن،  هەرچەند ساڵانە کەسانێکی زۆر لە کۆماری ئیسلامی ئێران بە هۆی تەقینەوەی مینەوە دەبنە قوربانی، بەڵام ئەو وڵاتە هەتا ئێستا کۆنوانسیۆنی ئۆتاوای واژۆ نەکردووە.

بەپێی توێژینەوەیەک کە لەلایەن ڕێکخراوی خاچی سوور بە مەبەستی ئامادە

**ڕاپۆرتی هەنگاو لە سەر قوربانیانی مین لە کوردستان لە ساڵی ٢٠٢٠ دا**

کردنی یاسای چاوەدێر و مرۆڤدۆستانە ئەنجامی داوە، چەندین ڕێسا بە ژمارە ٨١، ٨٢ و ٨٣ سەبارەت بە مینە دژە کەسییەکان پێناسە کراوە کە بە شێوەی خوارەوەیە؛

_ لە کاتی کەڵک وەرگرتن دەبێ سەرنجی پێویست بدرێت هەتا خەساراتی گیانی مرۆڤەکان کەمتر بێت.

_ ئەو لایەنانەی کە لە مین کەڵک وەر دەگرن دەبێ شوێنی چاندنی مینەکان تۆمار بکەن.

_ دوای شەڕ، لایەنەکانی شەر ئاسانکاری پێویست بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەنجام بدەن.

سەرباری ئەمانە، وڵاتانی ئێران و عێراق بەو یاسا نێو دەوڵەتییانە پێبەند نەبوون خۆ دەبوێرن لە جێبەجێ کردنیان.

## لیستی ناوی قوربانیانی مین لە ساڵی ٢٠٢٠

| ڕیز | ناو و ناوبانگ | خەڵکی | تەمەن | ش. برینار بوون | ش. کوژران | تێبینی | ڕێکەوت |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | عەلی مەلەکی | سەلاسی باوەجانی | ٢٢ | | ئزگڵە | هاووڵاتی | ١٠.١.٢٠٢٠ |
| ٢ | کامرام مەلەکی | سەلاسی باوەجانی | ١٩ | ئزگڵە | | هاووڵاتی | ١٠.١.٢٠٢٠ |
| ٣ | شۆڤێر | مێهران | | مێهران | | مین هەڵگر | ١٨.١.٢٠٢٠ |
| ٤ | حوجەت | مێهران | | مێهران | | مین هەڵگر | ١٨.١.٢٠٢٠ |
| ٥ | ئاژەڵدارێک | کرماشان | ٢١ | شوش | | ئاژەڵدار | ١.٢.٢٠٢٠ |
| ٦ | ئەشرەف چراغی | مێهران | ٢٧ | مەیمەک | | شوان | ١٤.٢.٢٠٢٠ |
| ٧ | پەیام ڕوستەمی | قەسری شیرین | ١٤ | | خوسرەوی | شوان | ٢٢.٢.٢٠٢٠ |
| ٨ | کەیوان ئەعزەمی | سەرپێڵی زەهاو | ٣٧ | | سەرپێڵی زەهاو | مەدەنی | ١٥.٣.٢٠٢٠ |
| ٩ | مازیار ئوستۆکی |میاندواو | | سەقز | | سەرباز | ٣٠.٣.٢٠٢٠ |
| ١٠ | جەواد مێهدی زادە | شنۆ | | سەقز | | سەرباز | ٣٠.٣.٢٠٢٠ |
| ١١ | موحسن مەلەکی | | | سەقز | | سەرباز | ٣٠.٣.٢٠٢٠ |
| ١٢ | سەربازێک | دێهلۆران | | دێهلۆران | | نیزامی | ٢٦.٤.٢٠٢٠ |
| ١٣ | ئەفسەرێک | دێهلۆران | | دێهلۆران | | نیزامی | ٢٦.٤.٢٠٢٠ |
| ١٤ | بێهرووز باقری | ئورمیە | ٣٠ | مێهران | | نیزامی | ٥.٥.٢٠٢٠ |

## ڕاپۆرتی هەنگاو لە سەر قوربانیانی مین لە کوردستان لە ساڵی ٢٠٢٠ دا

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٥ | محەمەد ساڵحی | بانە | ٤٦ | بانە | | هاووڵاتی | ١٤.٥.٢٠٢٠ |
| ١٦ | حەیدەر عەلی یاری | سەقز | ٣٠ | بانە | | کۆڵبەر | ٧.٦.٢٠٢٠ |
| ١٧ | ستار ئەسغەری | پیرانشار | | پیرانشار | | جووتیار | ٩.٦.٢٠٢٠ |
| ١٨ | قابیل مەرجانی ڕاد | ئورمیە | | ئورمیە | | کۆڵبەر | ١٤.٦.٢٠٢٠ |
| ١٩ | ئەحمەد ئەعلەم | بانە | | | بانە | جووتیار | ١٥.٦.٢٠٢٠ |
| ٢٠ | فەرمانبەرێک | کرماشان | | باینگان | | فەرمانبەر | ١.٧.٢٠٢٠ |
| ٢١ | فەرمانبەرێک | کرماشان | | باینگان | | فەرمانبەر | ١.٧.٢٠٢٠ |
| ٢٢ | فەرمانبەرێک | کرماشان | | باینگان | | فەرمانبەر | ١.٧.٢٠٢٠ |
| ٢٣ | سەلیم تاراس | مەلەکشاهی | | | مێهران | کرێکار | ١٧.٧.٢٠٢٠ |
| ٢٤ | چراغ عەبدی | مەلەکشاهی | | | مێهران | کرێکار | ١٧.٧.٢٠٢٠ |
| ٢٥ | هادی ئومیدی | مەلەکشاهی | | | مێهران | کرێکار | ١٧.٧.٢٠٢٠ |
| ٢٦ | مێهدی ئومیدی | مەلەکشاهی | | مێهران | | کرێکار | ١٧.٧.٢٠٢٠ |
| ٢٧ | مێحراب بوداقی | نادیار | | سەردەشت | | سەرباز | ٣.٨.٢٠٢٠ |
| ٢٨ | حەمیدرەزا پاکنەهاد | نادیار | | سەردەشت | | سەرباز | ٣.٨.٢٠٢٠ |
| ٢٩ | هۆشیار ئەردەلان | سنە | | | مەریوان | نیزامی | ٣.٩.٢٠٢٠ |
| ٣٠ | ئەندامێکی سپا | نادیار | | مەریوان | | نیزامی | ٣.٩.٢٠٢٠ |
| ٣١ | ئەندامێکی سپا | نادیار | | مەریوان | | نیزامی | ٣.٩.٢٠٢٠ |
| ٣٢ | خوسرەو حەسەنی | مەریوان | ٣٨ | مەریوان | | کرێکار | ٨.١٠.٢٠٢٠ |
| ٣٣ | لوقمان ڕەحیمی | پاوە | | نەوسوود | | کۆڵبەر | ١.١١.٢٠٢٠ |
| ٣٤ | سابیر خزری | پیرانشار | ٢٨ | پیرانشار | | کۆڵبەر | ٧.١١.٢٠٢٠ |
| ٣٥ | عەلی ڕەزایی | ئیلام | | سوومار | | مین هەڵگر | ٧.١١.٢٠٢٠ |
| ٣٦ | جەلال ئابسالان | کرماشان | | سوومار | | مین هەڵگر | ٧.١١.٢٠٢٠ |
| ٣٧ | ئەحمەد مەمەندی | سەردەشت | ٣٣ | | سەردەشت | شوان | ١٦.١١.٢٠٢٠ |
| ٣٨ | عەزیز ڕووتەما | شنۆ | ٤٢ | | شنۆ | شوان | ٢١.١١.٢٠٢٠ |
| ٣٩ | عباس ئیبراهیمی | مەریوان | ٢٨ | سەوڵاوا | | کۆڵبەر | ٥.١٢.٢٠٢٠ |
| ٤٠ | قادر دلایی میلان | چالدێران | | چالدێران | | شوان | ١٣.١٢.٢٠٢٠ |